# مەمان

پۆلا سەعید

من کێم هەبوو هەتا ئەوکاتەی
خۆری بوونت
لە پەنجەرەی تەمەنمەوە هەڵهات؟
دوای دەیان ساڵ ئاوارەیی
جگە لە گەورەیی دڵەکەت
هیچ کەس بەهانای ئازارمەوە نەهات،
فریشتە بوویت لەسەر رێگام بوویتە چرا
بوویتە نێرگز بوویتە دایک
بوویتە چرۆی گوڵی مینا،
ئەی مەمانی رۆح سپیی و
پڕ میهر و سۆز
ئەوی جارێک دیدەنیی تۆی کردبێت
وەنەوشەیەک لەسەر لەپی دڵی رووا،
ئەوی دەستی تەوقەی تۆی گووشیبێ
ئەستێرە و مانگی نیانیی دەوریانداوە،
چیی لە گەورەیی دڵەکەت جوانترە؟
سرووتی* کام گوڵە گەنم و جۆی وڵات
لە بەژنی دەم و زارت باڵاکردو و قەرسیلیی ترە؟
تۆی مەمان جارێک پاکیزەی ئەم کوردستانە لەت لەتەیت
جارێکیش گوڵی بەرئێخەی ئێمەی ئاوارە و تەرەیت،

07.05.04

* سرووت: لقی ناسک و باریکی گوڵەگەنم و جۆی باڵاکردو.

www.kurdistannet.org